گرێبەستی "شاراوە" لێنەوان وەزارەتی تەندروستی و کۆمپانیایەکدا بۆ کڕینی ئامێری پزیشکی کراوە



بریکاری وەزارەتی تەندروستیی هەرێم ڕەخنە لە گرێبەستکانی وەزارەتکەی دیگرێت و دەڵێت: ئەو گرێبەستی لێنەوان وەزارەتی تەندروستی و کۆمپانیایەکدا بۆ دابینکردنی ئامێری تاقیگەی نەخۆشخانە حکومییەکان کراوە قەرخکارییە و بەهیچ شێوەیەک لە ئێنجوومەنی وەزارەت ڕەزامەندی وەرنەگیراوەو ئاگاداریش نین.

د. هێڤل فەرەیدون، بریکاری وەزارەتی تەندروستیی ئەمڕۆ دووشەممە لە لێدوانێکدا بۆ پەگەی فەرمی یەکێتیی ڕاشیگەیاندووە، ئێم گرێبەستە تەنیا بۆ کڕینی ئامێری تاقیگەکان نییە، بەڵکو پێشتریش بۆ کڕینی دەرمانی شێرپەنجەش هاوشێوەی ئێم گرێبەستە کراوەو کڕینی دەرمانی شێرپەنجە بۆ کۆمپانیایەک قەرخکراوە، هەرچەندە بڕیار وایە ئێم کارە نەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پشکنینەکان لەسەر هاوڵاتیان، بەڵام پێمان وایە بۆ حکومەت باشترە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک گرێبەست بکات بەمبەستی کەمکردنەوە لە دابەزاندنی نرخی ئامێرەکان نەك تەنیا کۆمپانیایەکی دیاریکراو.

بریکاری وەزارەتی تەندروستی وتوشیەتی: پێویست بوو ئەو گرێبەستەی کە کراوە بڵاوی بکرایە یاساییەکان بڕیشتایەو ئێنجوومەنی وەزارەت و بەڕێوبەرایەتی گشتی لێی ئاگادار بونایە، نەك بوو شێوەیی ئێستا کە پێمانوایە قەرخکارییە، چونکە تاوەکو ئێستا نازانین سوودی ئێم بڕیارە بۆ حکومەت و هاوڵاتی

چییە؟.

د. رەل ئاماژەی بۆشدا، بە هاوڵاتی گرنگە کە نرخی پشکنینەکان لە تاقیگە حکومییەکان کەمبکرێنەوە، بە حکومەتیش گرنگە کە نرخی ئامێرەکان گونجاو بێت و باشترین کوالێتی پێشکەش بە نەخۆش بکات، ئێگەر ئەم دوو مەرجە ڕچاو نەکرێن، کەواتە هەکارێک لەپشت گرێبەستکەوە هەیە.